خەبات میدیا
سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

# دووکتور محەمەد ساڵح ئیبراهیمی(شەپۆل) کۆچی دوایی کرد

**تاریخ :** Saturday, May 26 @ 15:00:36 UTC
**بابەت :** هەواڵەکان



خەباتمێدیا: نوسەر,وەرگێر,لێکۆڵەر و ڕۆژنامەوان و مامۆستای زانکۆ,ساڵی 1312 هەتاوی لە بنەماڵەیەکی زانا و نیشتمان پەروەر لە شاری مەهاباد چاوی بە جیهان کرایەوە. مامۆستا شەپۆل کوڕی خوالێخۆشبو مەلا ئیبراهیم کوڕی عارفی ڕەبانی حاجی خەلیفە مەلامحەمەد بوو کە بە عالم و زانایەکی پسپۆڕ لە کاتی خۆی لە نێوان خەڵك بانگ و ئاوازەی هەبوو.

مامۆستا شەپۆل لە منالیەوە بە داب و نەریتی قەدیمی کتێبە سەرەتایەکان وەك قورئانی پیرۆز لای بابی فێر بوو و پاشان لە حوجرە لای مەلایانی زانا علومی قەدیمی دینی تەواو کرد و پاشان هەر لە مەهاباد لای حاجی مەلاحوسێن مەجدی درێژەی بە خوێندن و توێژینەوە داوە.دوای تێپەڕ کردنی ئەم قۆناغانە ئیجازەی دەرس گوتنی وەرگرتوە و لە ساڵی 1335 هەتاوی بۆتە خەتیب و ئیمام جومعەی خانەقای نەهری و لە هەمان کاتدا بۆتە مودەریس لە مزگەوتی سوور.

مامۆستا شەپۆل وەك تەواوی کاتەکانی ژیانی تینوی فێر بوون بووە و ئەمەش بو بە هۆی ئەوەی کە شاری مەهاباد و دەرس گوتن لە مزگەوت جێ بهێڵێ و کۆچ بکات بۆ تاران و لەوێ درێژە بە خوێندن بدات.مامۆستا لە زانکۆی تاران درێژەی بە خوێندن داوەو قۆناغی دوکتوڕا و باڵا دوکتوڕای لەم زانکۆیە تەواو کردوە و پاشان بۆتە مامۆستای علومی قەزایی زانکۆی تاران.

مامۆستا شەپۆل ساڵی 1343 هاوکاری لەگەڵ ڕادیۆ کوردی تاران دەست پێ کردوە و چەندین وتار و نوسراوەی لە بابەت کوولتور و زمانی کوردی پێشکەش بە کۆمەڵگای کوردی کردوە و تا ساڵی 1391 هەتاوی لە ڕادیۆ کوردی تاران بەردەوام بووە.

مامۆستا جگە لە هاوکاری ڕادیۆ تاران بۆ پەرەدان بە کوولتور و خزمەت بە زمانی کوردی لە ساڵی 1347 بە هاوکاری مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی و محەمەد سادقی موفتی زادە و مامۆستا سوارە ئیلخانی زادە و چەند کەسی دیکە کانونی زمانی کوردیان لە تاران دامەزراند.

مامۆستا شەپۆل وەك ئاواتێك بۆ دەرخستنی گۆڤارێك بە زمانی زگماك توانی لە ساڵی 13 دوای فەراز و نەشێوێکی زۆر گۆڤاری ((گرشەی کوردستان)) دامەزرێنێ و لە نۆ مانگدا 9 ژمارەی ئەم گۆڤارەی وەدەر خست و ئەم ئاواتەشی بە ئارمانج گەیاند.

مامۆستا شەپۆل 35 بەرهەمی لە چاپ دراوی هەیە کە هەر یەك لەم بەرهەمانە گەنجینەیەکی تایبەتن و بوونە مایەی دەوڵەمەندی هەرە زیاتری کتێبخانەی کوردی.

چەند بەرهەمی مامۆستا کە دەبێ ئاماژەیان پێ بکرێ بریتینن لە:

1-وەرگێرانی قورئانی پیرۆز بە زمانی کوردی
2-ڕاپەڕینی ژەنراڵ مستەفا بارزانی رابەری کابیری کورد
3-گەنجینەی فەرهەنگ و زانست
4-زانایانی کورد
5-کۆبانی
6-باوی کۆمەڵایەتی
7-ژنانی کورد لە مێژوو دا

مامۆستا بە بۆنەی خزمەت و شارەزایی لە ئەدەبیاتی کورد بو بە سەرۆکی ئەنجومەنی زمان و فەرهەنگی کوردی و هەروەها چەندین خەڵاتی ئیفتیخاری لە کۆڕە ئەدەبێکان پێشکەش کراوە کە یەکێك لە هەرە خەڵاتە گرینگەکان خەڵاتی ساڵیادی شەهیدانی هەڵەبجە بووە و هەروەها میداڵی ئیفتیخاری دەزگای چاپ و بڵاو کردنەوەی بەدرخانی بەرەو ئازادی ڕۆژنامەنیگاری کوردستان بە ناوی خەڵاتی نوسەر و لێکۆڵینەر و وەرگێر بۆ خزمەتەکانی پێ درا.

سەرچاوەی ئەم بابەتە : KHABAT media